راپۆرتێک لەبارەی:

# گرفتی نەبونی دەرمان
# لە ناوەندە تەندروستیەکانی گەرمیان



# بەشی یەکەم: ڕاپۆرت

## پێشەکی

ناوەندە تەندروستیەکانی گەرمیان، ڕووبەڕووی گرفتێکی سەختی نەبونی دەرمان و چارەسەری پزیشکی بونەتەوە، ئەمەش تەرییە بەوەی ماوەی نزیکەی ٧ مانگە هیچ دەرمانێک بۆ ئەو ناوەندانە دابین نەکراوە .

نەبونی دەرمان لە ناوەندە تەندروستیەکان، ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر ژیانی هاوڵاتیانی سنورەکە داناوە، بەتایبەتی ئەوانەی دۆخی تەندروستیان جێگیر نیە و بەکاریگەری ڕەوشی داراییانەوە پێویستیان بە دەرمان و چارەسەری دەزگا تەندروستیە حکومیەکان هەیە .

لەم ڕاپۆرتەدا بە وردی لەسەر قەبارەی کێشەکە، هەروەها هۆکار و لێکەوتەکانی دەوەستین.




## ١. سەرچاوەکانی دابینکردنی دەرمان بۆ تەندروستی گەرمیان

ئەو بڕە دەرمانەی بۆ سنوری گەرمیان دابین دەکرێت، دابەشدەکرێت بەسەر ٥٢ بنکەی تەندروستی و ١٣ مەڵبەندی تەندروستی و ٤ سەنتەری تەندروستی و ٤ نەخۆشخانەی حکومیدا کە لە سێ مانگی ئەمساڵ (٤٣ هەزار) چارەخواز سەردانی تەنها ئەو ٤ نەخۆشخانە حکومیانەیان کردوە .

دابینکردنی دەرمانیش بەچەند ڕێگایەکە کە بەشێکی لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێم دابین دەکرێت کە بڕی (٢٠٥) ملیۆن دینار دەکات لە مانگێک دا . ڕێگایەکی دیکە لە لایەن وەزارەتی تەندروستی عێراق بە بڕێکی کەم لە پشکی پارێزگای سلێمانی بۆ ناوچەکە دابین دەکرێت کە ڕێژەکەی ١٣٪ی پارێزگای سلێمانیە .

بەوتەی بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، د. سیروان محەمەد، هیچ کام لەو دو ڕێگایە ناتوانن بڕی پێداویستی دەرمانی ناوچەکە پڕ بکەنەوە .

لەبارەی ئەوەی ئەو ڕێژەیە کە بۆ گەرمیان دیاریکراوە بەچ پێوەرێک بوە، دەڵێت: دەبێت ئەو پرسیارە ئاراستەی خودی وەزارەتی پلاندانان بکرێتەوە .

بەرپرسی بەشی کۆگای دەرمان و پێداویستیە پزیشکیەکان لە تەندروستی گەرمیان، د. محەمەد ئازاد، لەو بارەیەوە دەڵێت: سنورەکە نەخۆشێکی زۆری هەیە، بەڕاستی ئەو بڕەی دابین کراوە کەمە، تەنانەت بەجۆرێکە کە ئەو ٢٠٥ ملیۆن دینارە ئەگەر ١٢ هێندە ببێتەوە تەنها بەشی دەرمانی درێژ خایەن دەکات، کەچی ئەو بڕە لای ئێمە بۆ سەرجەم پێداویستیە پزیشکیەکانە کە بەمجۆرە دابەشکاری بۆ کراوە:

١٢٩ ملیۆن بۆ دەرمان، ٣٣ ملیۆن بۆ پێداویستی تاقیگەیی، ٣٣ ملیۆن بۆ پێداویستی پزیشکی، ئەوەشی دەمێنێتەوە لەژێر دەسەڵاتی بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی گەرمیانە کە بۆ ئامێر یان بابەتی پێویست دابین دەکرێت .

بریکاری وەزیری تەندروستی هەرێم، ئاماژە بەوەدەکات لەپاش ساڵی ٢٠١٤ەوە سەقفێک بۆ پارەی دابینکراوی دەرمان و پێداویستی پزیشکی تەرخانکراوە کە بڕەکەی ٦ ملیارە و بەسەر ناوچەکاندا دابەش دەکرێت.

د. ڕەهێڵ فەریدون، وتی: لەو ٦ ملیارە، پارێزگای سلێمانی ٤٣٪ی بەردەکەوێت، بەڵام ئەم ڕێژەیە وەکوخۆی نادرێت و ناعەدالەتی هەیە .

ئاماژەی بەوەشکرد: پێشنیارمان کردوە ئەو ڕێژەیە ٢ ملیاری دیکەی بۆ زیاد بکرێت، بێگومان دەبێت ئەوکات بۆ گەرمیان ڕێژەکە زیاد بکرێت، چونکە هەندێک ناوچە غەدری لێکراوە، بەڵام هێشتا وەڵاممان وەرنەگرتوە بۆ ئەو داواکاریەمان.

## ٢. شێوازی دابینکردنی دەرمان بۆ ناوەندە تەندروستیەکان

کۆگای دەرمانی تەندروستی گەرمیان، بەپێی خشتەیەک دەرمان بەسەر ناوەندە تەندروستیەکان دابەش دەکات.
د. محەمەد ئازاد، بەڕێوبەری کۆگای دەرمانی تەندروستی گەرمیان، وتی: بۆ بنکەکان دو مانگ جارێک بەپێی لیستێک کە پێشکەشمان دەکرێت و پێویستیان بە چیە، کۆگا دەرمانیان بۆ دابین دەکات، بەڵام بۆنەخۆشخانەکان کە بەشەکانی فریاکەوتن لەپێشترن، هەفتانە داواکاری دەکرێت کە پێویستیان بە چیە بە ڕەچاوکردنی ڕێژەی سەردانیکردن بۆ نەخۆشخانەکان دیاریکراوە و بەو لیستەی داواکاریان کردوە بۆیان دابین دەکرێت.
لەشێوازی دابەشکردنی دەرمان و پێداویستیە پزیشکیەکان دا، هەندێک شوێن پێشخراوە، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان دەڵێت: سەرەتا دەبێت بۆ بەشەکانی فریاکەوتن بێت، بەرپرسی کۆگای دەرمانیش باس لە ڕێنماییەکانی وەرگرتنی دەرمان دەکات.
سەبارەت بەوەی بە چ پێوەرێک دەرمان دابەشدەکرێت بەسەر نەخۆشخانەکاندا؟ بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، دەڵێت: بەشەکانی فریاکەوتنمان پێش شوێنەکانی دیکە خستوە کە حاڵەتەکانی ئەوان زیاتر پێویستن، پاشان نەخۆشخانەکان و دواتریش مەڵبەند و بنکە تەندروستیەکان بەپێی خواستی ئەو ڕێژەیەی دانیشتوانەی کە هەیەتی.
کاتی وەرگرتنی دەرمان دیاری نەکراوە، بەوپێیەی بابەتەکە ڕێژەییە، بنکە هەیە ٤ مانگە دەرمانی وەرنەگرتوە، بۆ شوێنی دیکەش ماوەکە کەمترە بەپێی داواکاری.
لەگەڵ ئەمەشدا مەرجەکانی وەرگرتنی دەرمان بەوتەی بەرپرسی کۆگای دەرمان، لە چەند هەنگاوێکدا کورت بونەتەوە لەکاتی تەندەرین بۆ کۆمپانیاکان، لەوانە:
١. دەبێت دەرمانەکە ڕەزامەندی کوالێتی کۆنترۆڵی هەبێت.
٢. دەرمانەکە ماوەی بەسەرچونی بەلای کەمەوە ٢ساڵی مابێت.
ڕونیشیکردەوە: هەندێکجار بەهۆی ڕێکارەکانەوە تا دەرمانمان بەدەست دەگات، دەچێتە ساڵ و نیوێک، ئەو دەرمانانەشی لە عێراقەوە بۆمان دێت کێشەی کاتی بەسەرچونی هەیە کە هەبوە مانگی ٤ بەدەستمان گەشتوە و وادەی بەسەرچونی «ئیکسپایەرەکەی» مانگی ٦ بوە و تادەگاتە دەستی نەخۆش کاتەکەی تەواو دەبێت.
باسی لەوەشکرد: تاوەکو ئێستا هەمو تەندروستی گەرمیان بەڕادێکی گەورەی تێدا نیە پێی بڕۆینە سلێمانی تاوەکو خۆمان بەشی خۆمان لە دەرمان بە بێ جیاکاری وەرگرین، ئەمەش لەکاتێکدا کۆمپانیای ئەهلی ئەوتۆ هەیە ١٠ بەڕادی هەیە کەچی بەڕێوبەرایەتیەکی حکومی ناتوانێت هەیبێت.
وتیشی: بۆ جۆرەکانی دیکەش ئەوە بەغداد بۆمان دەنێرێت ئەوەنیە کە خواستی ئێمە بێت، بەشێوەیەک ٣ ئۆتۆمبیل دەرمانمان پێدەگات دوانیان تەنها «موغەزیە».
«ئەمە خراپترین بەشە دەرمانە کە ئێمە وەریدەگرین، سەرەتا دەنێردرێتە پارێزگای سلێمانی و پاشان بۆ گەرمیان دێت، واتا چی باش بێت سلێمانی خۆی ئەیبات و کەمتر بۆ ئێمە دەنێردرێت».
د. چیا محەمەد، بەڕێوبەری پێشوی کۆگای دەرمانی تەندروستی گەرمیان، وای وت.
لەبەرامبەردا بریکاری وەزیری تەندروستی هەرێم، بەتوندی ئەو وتەیە ڕەتدەکاتەوە کە لە پارێزگای سلێمانیەوە ئەو بەشەی بۆ گەرمیان دێت دەستکاری کرابێت.
د. ڕەهێڵ فەرەیدون، وتی: شتی لەو جۆرە نیە و ئەگەرهەبێت دەبێت بەدواداچون بکرێت، بەڵام دەتوانین بڵێین ناردنی جۆری دەرمانەکان گۆڕانکاریان بەسەردا دێت.

## ٣. دروستبونی قەیرانی کەمی دەرمان لە سنوری ئیدارەی گەرمیان

لە مانگی (١١) تشرینی دوەمی ٢٠٢١ کەمی دەرمان روی لە ناوەندە تەندروستیەکان کردوە، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان هۆکارەکەی دەخاتە ئەستۆی خودی ئەنجومەنی وەزیران. بەرپرسی کۆگای دەرمانیش دەڵێت: ئەمە کارەساتە وەزارەت بۆ ئێمەی دروست کردوە.
د. سیروان محەمەد، لەبارەی دروستبونی قەیرانی دەرمانەوە دەڵێت: لە مانگی ١١ی ٢٠٢١ەوە ئەم گرفتە سەریهەڵداوە، دەستبەجێ مانگی ١٢ی ٢٠٢١ نوسراومان ئاڕاستەی وەزارەتی تەندروستی کرد کە لە مانگی ١ی ٢٠٢٢ دەسەڵاتی خەرجکردنی پارە بگەڕێنێتەوە بۆ خۆمان، ئێستا کە لەمانگی ٥ نزیک دەبینەوە، هێشتا هیچمان بۆ نەگەڕاوەتەوە.
ئەمەش دۆخێکی خوڵقاندوە کە وەک بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانی دا جەختی لێکردوەتەوە: هەرگیز دۆخی دەرمان و پێداویستی پزیشکی لە گەرمیان وەها خراپ نەبوە وەکو ئێستا، تەنانەت لە سەردەمی شەڕی داعش و سەرەتاکانی سەرهەڵدانی قەیرانی داراییش.
لایخۆشیەوە، بریکاری وەزیری تەندروستی هەرێم، باس لەوەدەکات ڕێکارەکان گرفتن، بەجۆرێک ڕەزامەندی لەسەر خەرجکردنی پارە لە کۆتایی مانگی ئادار و سەرەتای مانگی نیسانی ٢٠٢٢ گەڕاوەتەوە، بەڵام هەر بە بڕیارێکی تری وەزارەتی دارایی، ئەو پارەیەی بۆ دەرمان دانراوە ناتوانرێت خەرج بکرێت.
د. ڕەهێڵ فەرەیدون، ڕونیکردەوە: بە بڕیاری وەزارەتی دارایی خەرجکردنی پارە سەرەتا بۆ موچەیە و کۆتا شت بۆ خەرجیەکانی دیکەیە کە دەرمانیش دەگرێتەوە، ئەوکاتیش پارەی نەختینە لەبانک نامێنێت و کۆمپانیاکانیش ناتوانن بەوجۆرە دەرمان دابین بکەن، بۆیە داوامانکردوە خەرجکردنی پارەی دەرمان بکەوێتە پێش دابەشکردنی موچە.
بەشێکی دیکەی گرفتەکە ئەوەیە کە حکومەت هێشتا پارەی ساڵانی پێشوی کۆمپانیاکانی دەرمانیشی خەرجنەکردوە، ئەمەش بێ متمانەیی دروست کردوە.
د. چیا محەمەد، بەرپرسی پێشوی کۆگای دەرمان و پێداویستیە پزیشکیەکانی تەندروستی گەرمیان وتی: هێشتاکە پارەی کۆمپانیاکانی دەرمان بۆ ساڵانی (مانگی ١١ی ٢٠١٤ و مانگی ٣ی ٢٠١٥) خەرج نەکراوە کە بۆ کڕی پێداویستیە پزیشکیەکانە.
بەڕێوبەری ئێستای کۆگای دەرمانیش حکومەت بە بەرپرس دەزانێت لەم حاڵەتە «حکومەت خۆی وادەکات کە کۆمپانیاکان نەیەنە پێشەوە و خەڵک زەرەرمەند بێت، ئەو کۆمپانیایەی پارساڵ تەندەرینی کردوە هێشتا ٢ سولفەی وەرنەگرتوە».
د. محەمەد ئازاد، وتیشی: ئێستاش کە نزیکین لە مانگی ئایارەوە، بەڵام تەندەرین تەواو نەبوە بۆ کڕینی دەرمان، ئەگەرچی ڕێکارەکان تاوەکو توانیومانە تەواومان کردوە و چاوەڕێین کۆمپانیا بێتەوە پێشەوە.

## ٤. قەبارەی کێشەی نەبونی دەرمان لە نەخۆشخانەکان

**ا. نەخۆشخانەی گشتی کەلار**
لە نێو خودی نەخۆشخانەی گشتی کەلار دا سێ دەرمانخانە هەن کە بەم جۆرەن:

**یەکەم: دەرمانخانەی ناوخۆیی:**
ئەم دەرمانخانەیە تایبەتە بە حاڵەتەکانی نەشتەرگەری، قاوشی منداڵان و هەناوی. بەرپرسی دەرمانخانەکە، ئەحمەد عاسی، دەڵێت: لەمانگی یەکی ٢٠٢٢ـەوە توشی گرفتی کەمی دەرمان بوین، ماوەی ٤ مانگە گرفتمان هەیە، بەرێژەی زیاتر لە ٦٠٪ دەرمانەکانمان نەماون، هەمو لایەکیش ئاگاداری ئەو بابەتەن.
وتیشی: ئەو کەسانەی نەشتەرگەری دەکەن، دەبێت راستەوخۆ دەرمان وەرگرن، بەڵام شتێکی وامان لادەست ناکەوێت، حاڵەت هەبوە ناچار دوای نەشتەرگەری خۆیان رۆشتون دەرمانیان کڕیوە، ئەمە بۆ بەشەکانی دیکەش هەر راستە.
وتیشی: تێکڕا لە کۆی ٥ دەرمان، دوانیان بەردەستە.



**دوەم: دەرمانخانەی بەشی راوێژکاریی بەیانیان**
بەرپرسی ئەم بەشە دەڵێت: کێشەیەکی ئەوتۆمان نیە و دەتوانین زۆرترین رێژە دابین بکەین و ئەوانەی کە نەخۆش پێویستیەتی دەتوانین لێرە پێیان بدرێت.
بەڵام لەبەرامبەردا بەرێوبەری نەخۆشخانەکە باس لە بونی کێشە دەکات و دەڵێت: دەرمانخانەکانمان تەنها بۆ ماوەی مانگێکی دیکە دەتوانن دەرمان بدەنە نەخۆش و رەنگە هیچ دەرمانێکمان بەردەست نەبێت.
بەوتەی پزیشکێک، دەرمانە ئاساییەکانیش بەردەست نین، دەشڵێت: بەزەییمان بەخۆمان و نەخۆشەکان دا دێتەوە.
د. ئاسۆ ئەحمەد، پزیشکی پسپۆڕی قوڕگ و لوت و گوێ، وتی: سادەترین دەرمان وەکو پاراسیتۆڵ یان قەترەیەکی ئاسایی، نامێنێت و ناتوانین بۆ نەخۆشی بنوسین، ناچارین کەمترین دەرمان بنوسین تا وەریبگرن، دۆخێکە تیایدا بەزەییمان بە خۆمان و نەخۆشەکانیش دا دێتەوە.
وتیشی: هۆکاری دیکەشمان هەیە، کە هەندێکجار خودی نەخۆشەکەیە کە دەرمان بەهەدەر دەدەن و پێویستیان بەدەرمان نیە و دێن وەریدەگرن.

**سێیەم: دەرمانخانەی نەخۆشیە درێژخایەنەکان**
بەرێوبەری نەخۆشخانەکە دەڵێت: لەو دەرمانخانەیەدا تەنها ٥٪ دەرمانمان ماوە.
د. حارس محەمەد، وتیشی: تەنها لەم دەرمانخانەیە، بە شێوەیەکی خولی «دوری» زیاتر لە ٧ هەزار نەخۆش کە دەفتەریان بۆ کراوە دەرمان وەردەگرن، بەڵام دەرمان بەرادەیەک کەمیکردوە کە لە کۆی ٦ جۆری دەرمان رۆژانە تەنها ١ جۆریان بەردەستە.
ئەم دۆخە کاریکردوەتە سەر ئەو هاوڵاتیانەی کە نەخۆشی درێژخایەنیان هەیە.
جەلال عەزیز، بەهۆی کەمدەرامەتییەوە تەنها نەخۆشخانەی گشتی کەلار هەبوە کە بتوانێت دەرمانی نەخۆشیە درێژخایەنیەکەی کە فشاری خوێنە، بەدەستبێنێت، بەڵام بەوتەی خۆی چیتر ئەو دەرمانەی کە دەبێت هەمو رۆژێک بیخوات، لە نەخۆشخانە دەستی ناکەوێت.
ئەمە هەمان حاڵەتی نەخۆشێکی شەکرەیە، کەئێستا دەرمانەکانی لە دەرمانخانە ئەهلییەکان دەکرێت.
عەدنان ئەسعەد، زیاتر لە ١٥ ساڵە توشی شەکرە بوە، دەڵێت: بەهۆی نەخۆشیەکەمەوە ناتوانم دەرمان وەرنەگرم، بۆیە ئێستا کە لە نەخۆشخانە نیە بەناچاری لە دەرەوە بە نزیکەی ٢٠ هەزار دینار دەیکڕم، بۆ ئێمە لەنەخۆشخانە زۆر باشبو، بەڵام نەماوە.
ئامانج خەلیل، بەرپرسی دەرمانخانەی راوێژکاری و درێژخایەن لە نەخۆشخانەی گشتی کەلار، وتی: کێشەکە لە دەرمانخانەی داوێژکاری کەمترە و تائێستاش دەتوانین دەرمان دابین بکەین، بەڵام دەرمانخانەی درێژخایەن بەڕاستی توشی گرفت بوینەتەوە و ناتوانین هەمو جۆرێک دابین بکەین و چارەخواز ناچارە خۆی بیکڕێت.

## ب. نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار لە کەلار

بەڕێوبەری نەخۆشخانەکە لە بارەی کەمی دەرمان دەڵێت: ئەگەر بە وریاییەوە مامەڵەمان نەکردایە، چەندین نەخۆش گیانی سپاردبو، بەرپرسی دەرمانخانەی نەخۆشخانەکەش دەڵێت: نەخۆشەکانی ئێمە هی روداوی کتوپڕن و پێویستمان بە دەرمانە.

یوسف محەمەد، ٣٥ ساڵ، باس لەوەدەکات سەردانی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژاری کردوە، لە کۆی چەندین دەرمان کە دەبو وەریبگرێت تەنها ١ جۆری وەرگرتوە و ئەوانی دیکەی لە دەرەوە کڕیوە.

هێمن کەریم، بەرپرسی بەشی دەرمانخانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار لەکەلار، دەڵێت: بەهۆی ئەو ڕێژە زۆرەی سەردانمان دەکات کە بەپێی ئامارەکان لە سێ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا نزیکەی ١٢ هەزار کەس بوە، فشارێکی زۆرمان لەسەرە، جاری وا هەیە لەکۆی هەمو دەرمانەکان کە بەردەستن، ٥ جۆرمان بەتەواوی لەدەرمانخانە دا نیە.

وتیشی: حاڵەتەکانی ئێمە کتوپڕن و زۆربەیان روداون بەتایبەت روداوی هاتوچۆ، دەبێت دەرمانمان هەبێت، بەڵام نیمانە.

بەوتەی خۆی تەنها بۆ ئەو دەرمانخانەیە مانگانە پێویستیان بە ٢٠ ملیۆن دینار هەیە.

لە روی دەرمانەکانی دیکەوە بەتایبەت نەخۆشانی دڵ و جەڵتە، دەڵێت: باشترین، بەڵام بە جۆرێک کەدەرمان بە دانە دانە دەدرێتە نەخۆش.

«حاڵەتەکان بەجۆرێکە ئەگەر بەوریاییەوە مامەڵەمان نەکردایە بەڕاستی چەندین نەخۆشمان ئێستا گیانی لەدەست دەدا، تەنها مانگێکی دیکە دەتوانین بەم شێوە بەردەوام بین». د. کاوە محەمەد، بەڕێوبەری نەخۆشخانەکە، بەمشێوەیە دۆخی خۆیان دەگێڕێتەوە.

نەبونی تەنها لە بواری دەرمان دا نیە، بەڵکو لە بەشەکانی تریشدا رەنگی داوەتەوە، لە نمونەی تاقیگە. نەخۆشێک دەڵێت من حاڵەتەکەم فریاکەوتنە، کەچی خۆم ڕۆشتم کەرەستەم بۆ خۆم هێناوە، بەڕێوبەری نەخۆشخانەکەش دەڵێت: چەندین جۆری پشکنینمان نەماوە.

جوان مەولود، یەکێکە لەو نەخۆشانەی پشکنینی بۆ نوسراوە، بەڵام هیچ تیوبێک نەبوە کە پشکنینەکەی بۆ ئەنجامبدرێت، دەڵێت: خۆم ڕۆشتم لەیەکێک لەبەشەکانی دیکە چەند تیوبێکم هێنا.

بەرپرسی بەشی تاقیگەی نەخۆشخانەکە، لێزان محەمەد، باس لەوەدەکات کاریگەری قەیرانی دارایی رەنگی داوەتەوە لەسەریان و بوەتە هۆی کەمی کەرەستەکانیان.

دەڵێت: گرفتێکی دیکەمان ئەنجامدانی پشکنینە بۆ ئەو نەخۆشانەی حاڵەتەکانیان گەرم نین، بەڵام دێنە لای ئێمە، ئەمەش هۆکارە بۆ کەمبونەوەی کەرەستەکان.

هاوکات بەڕێوبەری نەخۆشخانەکە نایشارێتەوە چەندین جۆری پشکنین ناتوانرێت لە ئێستادا لە نەخۆشخانەکەیان بکرێت، لەوانە: پشکنینی ڤایرۆسی، پشکنینی کالسیۆم و پۆتاسیۆم و هەندێک پشکنینی گورچیلە، نەخۆش دەبێت بە ناچاری لە دەرەوە ئەنجامی بدات.

ئەم کێشەیە لە بەشی دیکەشدا رەنگی داوەتەوە، بۆنمونە: تیشک. د. کاوە محەمەد، وتی: سێ مانگە کەرەستمان نەماوە بۆ ئەنجامدانی ئەشیعە، ئەوەشی بەردەست دەکرێت بەشی ماوەیەکی کاتی دەکات.

وتیشی: بەگشتی کاریگەری نەبونی کەرەستە و دەرمان خەریکە دەردەکەوێت، ئەوەشی بەردەستە بۆ ماوەیەکی کاتیە و تەواو دەبێت.



## ت. نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب بۆ ژنان و منداڵبون

بەڕێوبەری کۆگای دەرمانی تەندروستی گەرمیان دەڵێت: تائاستێک ئەم نەخۆشخانەیە لە وانی دیکە باشترە، بەڕێوبەری نەخۆشخانەکەش دەڵێت: دۆخەکە هەتا ماوەیەکی کەم وا بەردەوام دەبێت.

د. محەمەد ئازاد، بەڕێوبەری کۆگای دەرمان و پێداویستیە پزیشکیەکان لە تەندروستی گەرمیان وتی: نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب بە بەراورد بە نەخۆشخانەکانی دیکەی سنورەکە، دۆخی باشترە.

د. بەناز جەلیل، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب، باسی لەوە کرد هەوڵی پێویست دراوە بە هەماهەنگی لەگەڵ تەندروستی گەرمیان و دەرمان لە هەردو دەرمانخانەی راوێژکاری و ناوخۆی نەخۆشخانەکەیان دا باشن، تا مانگێکی دیکەیش دەتوانن دەرمان دابین بکەن.

بەڵام هەندێک جۆری دەرمانی تایبەت هەن، لە نەخۆشخانەکەدا نەماون.

سەعید بورهان، بەرپرسی کۆگای دەرمانی نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب، دەڵێت: کێشەکە لەدەرمانخانەی راوێژکارییە کەبەشێکی دەرمانەکان کەم بونەتەوە یان نەماون، لەوانە: دەرمانی هۆرمۆنات.

بەهۆی نەبونی دەرمانی پێویستەوە، نەخۆشەکان ناچار دەبن بچنە دەرمانخانە ئەهلیەکان.

زەهرا محەمەد، ١٨ ساڵ، باسی لەوەکرد دوای سەردانی نەخۆشخانەکە، بەشێک لەو دەرمانانەی کە بۆی نوسراوە لە دەرمانخانەی نەخۆشخانەکەدا نەبوە و لە دەرەوە کڕیویەتی.

لەوبارەیەوە، د. شلێر مەجید، پزیشکی پسپۆڕی ژنان و منداڵبون لە نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب، وتی: ئەو دەرمانانەی لێرە هەبێت بۆیان دەنوسین و پێیان دەدرێت، ئەگەر جۆرە ئەسڵەکە نەبێت جێگرەوەیان هەیە و دەتوانین دابینی بکەین، بەڵام هەندێک جۆری دەرمان جێگرەوەی نیە، لەوانە: خەستی خوێن، دەرمانی چالاککردنی هێلکەدان و هیتر، ناچاردەبین بۆیان بنوسین و لەدەرەوە وەریبگرن.

لەبارەی ئەوەی پزیشک چۆن ئاگادارن لەو دەرمانانەی رۆژانە بەردەستن یان نامێنن، د. شلێر باسی لەوە کردوە: رۆژانە بە لیستێک کە لەدەرمانخانەی نەخۆشخانەکەمانەوە بۆمان دەینێرن، ئاگاداردەکرێینەوە.

ئەگەرچی دۆخی دەرمانخانەی ناوخۆیی نەخۆشخانەکە باشترە، بەڵام بەوتەی بەرپرسەکەی: وابڕوات توشی گرفت دەبنەوە.

عەلی قادر، وتی: رۆژانە ٢-٧ کەیسی نەشتەر گەریمان هەیە، لەگەڵ ١٠-١٢ کەیسی منداڵبون و ئەمانەش چارەسەر و دەرمانیان پێویستە.

وتیشی: دەرمانی خوێنبەربون کە زۆر پێویستە بەتەواوی کەمبوەتەوە و بەشی چەند رۆژێکمان دەکات، وەزعەکەش بەم جۆرە بەردەوام بێت توشی کێشە دەبین.

د. بەناز جەلیل، بەڕێوبەری نەخۆشخانەکە، دەڵێت: ئەم دەرمانخانەیە گرنگترە کە دەرمانی پێویستی تێدا بێت، چونکە بۆ حاڵەتە لەناکاوەکانە لەگەڵ حاڵەتەکانی نەشتەرگەری.



## پ. نەخۆشخانەی گشتی شەهید خالد گەرمیانی لەکفری

بەوتەی بەرپرسانی نەخۆشخانەکە، لە دەرمانخانەی راوێژکاری دا کێشەیان کەمترە و زیاتر لە دەرمانخانەی درێژخایەن دا کێشەکە زەقە.

سامی رەزا، بەرپرسی دەرمانخانەی راوێژکاری لە نەخۆشخانەی گشتی شەهید خالد گەرمیانی، باس لەوەدەکات گرفتێکی ئەوتۆیان نیە و بەشێکی زۆری دەرمانیان لادەست دەکەوێت بە نەخۆشی بدەن.

هاوکات بەڕێوبەری نەخۆشخانەکە، سامان سەرتیپ، باسی لەوە کرد: دەرمانخانەی راوێژکاریان باشترە، بەڵام دەرمانخانەی نەخۆشیە درێژخایەنەکان کە ماوەیەکی زۆر نیە کراوەتەوە، گرفتی هەیە، بەجۆرێک لە ١٠ جۆری دەرمان تەنها ٥ جۆر ماون و بۆ نەخۆشیەکی وەک شەکرە، لە کۆی ٤ دەرمان تەنها ٢ جۆریان بەردەست هەن.

ئەگەر لە روی دەرمانەوە نەخۆشخانەکە دۆخی لە نەخۆشخانەکانی دیکەی سنورەکە باشتر بێت، بەڵام لە بواری دیکەدا خراپە.

موەفەق فەریق، بەرپرسی بەشی تیشک لە نەخۆشخانەکە وتی: هیچ فیلمێکمان نەماوە و لە پێش سەری ساڵەوە داوا دەکەین بۆمان بنێردرێت، بەڵام نەهاتوە، پێشتر هەرجارێکیش و بۆکسێک دابین کراوە کە ١٥٠-٢٠٠ فیلمی لەخۆگرتوە و بەشی دو مانگی کردوین و پاشان تەواو بوە.

ئەم دۆخەش بەشێک لە هاوڵاتیانی ناچار کردوە کە بە مۆبایلەکانیان وێنەی تیشکەکانیان بگرن و پیشانی پزیشکی بدەن.

## ٥. لێکەوتەکانی گرفتی دەرمان لە مەڵبەندە تەندروستیەکان دا

بەرپرسی مەڵبەندە تەندروستیەکانی کێشەی دەرمان بە گرفتێکی نوێ نازانن، بەڵام وەکخۆیان دەڵێن: دۆخەکە خراپتر بوە.
عەدنان ئەحمەد، بەڕێوبەری مەڵبەندی تەندروستی گەرمیان، وتی: لانیکەم رۆژانە ١٥٠ نەخۆش سەردانی مەڵبەندەکەمان دەکەن، بەهیچ شێوەیەک دەرمانی پێویستمان لەبەردەست نیە، هەروەک چەندین دەرمانی دیکەمان نەماون و گرفتەکەش زیاتر لە دەرمانی درێژخایەن دایە.
بەرپرسی هۆبەی دەرمان لە مەڵبەندی تەندروستی گەرمیان لە رزگاری، دەڵێت: دەرمانمان بە نیوە کەمیکردوە، سالانی رابردو باشتر بو، ئەمساڵ لەگەڵ ئەوەی کە ٣ جار دەرمانمان وەرگرتوە، بەڵام ئەوەمان وەرگرتوە کە هەبوە لە کۆگا نەک بەپێی پێویستی خۆمان، بۆنمونە شروبێک کە پێویستە ٦٠٠ دانە وەربگرین، کەچی ٢٠٠ دانەمان پێدراوە.
لەهەندێک لە مەڵبەندەکان، بە دەرمانی جێگرەوە نەبونی جۆرەکانی دەرمان پڕ دەکەنەوە.
هەڵگورد حەمید، بەڕێوبەری مەڵبەندی تەندروستی شێروانە، وتی: بۆگرفتی دەرمان کێشەمان کەمترە لە چاو مەڵبەندەکانی تر، بەڵام هەوڵمانداوە جۆرێک بەجۆرێکی دیکە پڕبکەینەوە.
ئەگەر لە هەندێک مەڵبەند بەهۆی نەبونی دەرمانەوە جێگرەوەکانیان دابەش بکرێت، ئەوا لە هەندێک لە مەڵبەندەکان دا جێگرەوەکانیش نەماون.
دلۆڤان رەزاق، پزیشکی گشتی لە مەڵبەندی تەندروستی گەرمیان، وتی: هەندێک دەرمان بەوە کەڤەر دەکەین کە جێگرەوەی دەنوسین، بەڵام دەرمانی وا هەیە جێگرەوەی سێیەمیشی نیە.
لەم حاڵەتەشدا بە وتەی ئەو پزیشکە، دەبێت نەخۆشەکە لە دەرەوە و بە ناچاری دەرمانەکە بکڕێت.
هاوشێوە ئەم گرفتە لە مەڵبەندەکانی دیکەی تەندروستیشدا بونی هەیە، یەکێکی دیکە لە کێشەکان نەبونی کوتانی دژە ئەنفلۆنزایە کە بەڕێوبەری مەڵبەندی تەندروستی شێروانە، هەڵگورد حەمید، لەو بارەیەوە دەڵێت: پێشوتر لە مانگەکانی ئاب و ئەیلول و تشرینی یەکەم دا رێژەیەک پێکوتەی «ڤاکسین» کوتانی ئەنفلۆنزامان پێدەگەشت، بەڵام ماوەی ٢ ساڵە هیچ برێکمان پێنەگەیشتوە کە ساڵانە ٣٠٠-٤٠٠ کەس بۆ وەرگرتنی ئەو پێکوتەیە سەردانمان دەکەن.
سەباح مەجید، بەرپرسی دەرمانخانەی راوێژکاری مەڵبەندی تەندروستی شەهید د. قاسم، وتی: تاوەکو خۆمان دەسەڵاتی کڕینمان هەبو باشتر بوین، ئێستا لە گرفتداین، بەدیلەکانیش بەرەو کەمی دەچن، تەنانەت دەرمانی سادەی لە نمونەی پاراسیتۆڵ کە رۆژانە پێویستن، ئەوانیش نەماون.
ئەحمەد غەفار، بەرپرسی بەشی دەرمانخانەی نەخۆشیە درێژخایەنەکان لە مەڵبەندی تەندروستی شەهید د. قاسم لە رزگاری، دەڵێت: وەجبەی دەرمانمان هەر نەماوە، بەجۆرێک تەنها ١٠٪ دەرمان ماون لامان، ئەویش ئەو دەرمانانەی کە سەرەتایی و شتی ئاسایین.

## ٦. کێشەی نەبونی دەرمان لە بنکە تەندروستیەکان دا

بەڕێوبەری یەکێک لە بنکە تەندروستیەکانی گەرمیان دەڵێت: ئەوە دەرمانەی هەیە بەپێی توانای کۆگا بۆمان دابینکراوە، بەڵام ئێستا شروبی کۆکەشمان نەماوە.
عوسمان ئەحمەد، بەڕێوبەری بنکەی تەندروستی گوندی حاجی لەر، باسی لەوەکرد: سێ مانگ پێش ئێستا دەرمانمان وەرگرتوە، خۆشمان هەرکات پێویست بێت سەردان ئەکەین و بەپێی توانا دەرمانمان بۆدابین دەکرێت، بە نمونە ئێستا دەرمانی «ئەمۆکسیلی شروبی مناڵ» نەماوە، لەگەڵ ئەوەی بەشێکی دەرمانەکان نەماون، ناشتوانین دەرمانێکی زۆر بهێنین، چونکە توانای هەڵگرتنیمان نیە.
باسی لەوەشکرد: بۆ گوندەکان هەبونی دەرمانی مار و دوپشک گرنگە کە بەردەست بێت بەو پێیەی لەنەخۆشخانەکانی ناو شارەوە دورن، بەڵام ئەو دەرمانانەمان نیە، ناچار دەرمانی دیکەی دژە هەستیاری بەکاردێنین کە ئەمەش گونجاو نیە.
نەمانی دەرمان لە بنکەکان بە رادەیەکە، کە دەرمانە سەرەتاییەکانیش بونیان نەماوە.
شێرکۆ ئەحمەد، بەڕێوبەری بنکەی تەندروستی ناحیەی قۆرەتو، دەڵێت: تاکە بنکەین لە ناحیەکەدا و رۆژانە ٢٠ نەخۆش سەردانمان دەکات، لەگەڵیشیدا ٤ مانگ جارێک دەرمان وەردەگرین، ئێستا پێویستمان بە نزیکەی ٢٠ بۆ ٣٠ جۆری دەرمان هەیە و نیمانە، بۆیە ئیستا ئەو چارەخوازانەی دێنە لامان دەرمانەکە بەردەست نەبێت ناچار جێگرەوەیان بۆ دەنوسین.
بەپێچەوانەوە هەندێک لە بنکە تەندروستیەکان، کێشەی کەمی دەرمانیان نیە، ئەویش بەهۆی کەمی سەردانکەرەوە.
هۆشیار محەمەد، بەڕێوبەری بنکەی تەندروستی گەرمک، وتی: بەهۆی کەمی سەردانکەرانەوە، توشی گرفتی کەمی دەرمان نەبوینەتەوە و دەرمانە سەرەتاییەکانمان لابەردەستە.
بەڵام هەندێک لە بنکەکانی دیکە نیگەرانن لەوەی جیاکاری لەنێوان ئەوان و ئەو بنکانەدا ناکرێت کە سەردانیکەریان کەمە.
هادی حسێن، لێپرسراوی بنکەی تەندروستی گوندی ساڵح ئاغا، وتی: نەخۆش و سەردانکەرمان زۆرە و کارمەند و دەرمانمان کەمە، وایکردوە فریایان نەکەوین، چونکە مانگی لەنێوان ٦٠٠ -٧٠٠ نەخۆش سەردانمان دەکات، کەچی وەک هەر بنکەیەکی تر حسابی دەرمانمان بۆ کراوە.
وتیشی: دەبو مانگی نیسان دەرمان وەرگرین، بەڵام بۆمان نەهات، ئێستاش هەر بەشی هەفتەیەک دەرمانمان هەیە.
ئێستا کە دەچینە نێو وەرزی هاوینەوە، هەندێک جۆری پەتا و نەخۆشی زیاد دەکەن بەتایبەتی لەنێو مناڵان دا، ئەمەش واپێویست دەکات دەرمانی تایبەت ئامادە بکرێت، بەڵام ئەمساڵ ئەوەش نەکراوە.
هادی حسێن، وتی: دەرمانی وەرزیمان نیە بەتایبەت سکچون و رشانەوەی مناڵ، ناشزانین کەی دێت.

## ٧. کێشـــەی نەبونی دەرمان لە ســـەنتەرە تەندروستیەکان دا

ســـەنتەری گورچیلەی دەســـتکرد، یەکێکە لەو سەنتەرانەی کە پێویســـتی بەدەرمانە و دەرمانەکانیشی پارەی زۆریان دەوێت، بـــەڵام بەوتەی بەڕێوبەرەکەی، کێشـــەی نەبونی دەرمانیان نیە هەتا مانگی ئەیلول.

کاروان محەمـــەد مەولـــود، بەڕێوبـــەری ســـەنتەرەکە، وتـــی: گرفتێکـــی ئەوتۆمـــان نیـــە و تاوەکـــو مانگـــی ٩ـــی ئەمســـاڵ دەرمانمان لەبەردەستە.

بەهەمانشـــێوە بەڕێوبـــەری کـــۆگای دەرمـــان و پێداویســـتیە پزیشـــکیەکانی تەندروســـتی گەرمیـــان، ئامـــاژەی بەوەکـــرد ســـەنتەرەکە لەســـەر بودجەی تەندروســـتی گەرمیـــان دەرمانی پێویستی کڕیوە.

بـــەڵام کێشـــەی نەبونـــی دەرمـــان یان پێداویســـتی پزیشـــکی، لـــە ســـەنتەرەکانی دیکـــەدا بە خەســـتی رەنگـــی داوەتەوە، بە رادەیەک ســـەنتەری تیشـــک بەهۆی نەبونـــی فیلمەوە، هاوڵاتی بـــە مۆبایل وێنەی تیشـــکەکانیان دەگرن و پیشـــانی پزیشـــکی دەدەن.

کاروان محەمەد رەشـــید، لێپرسراوی کارگێڕی سەنتەری تیشک لـــە کـــەلار، جەختـــی لە بونـــی ئەو کێشـــەیە کـــردەوە و وتی: مـــاوەی هەفتەیەکە بۆ هۆبەی ســـیتی ســـکان نـــە عەلاگە هەیە بۆ ئەشـــیعە و نە دەرمان و فیلم، ئەمەش گەورەترین کێشـــەیە روبەڕومان بوەتەوە.

وتیشـــی: داواکاریمـــان کردوە بـــۆ دابینکردنی کەرەســـتەکان، بـــەڵام بە بیانوی قەیرانـــی نەبونی پارەوە دابین نەکراوە.

ســـەنتەری راهێنان و چارەســـەری دەرونی کـــەلار، یەکێکە لەو ســـەنتەرانەی کە زیاتر لەوانی تر پێویســـتی بە دەرمانە، بەڵام ئەویش بەشـــی پێویســـت دەرمانی بۆ دابین ناکرێت.

فەرەیـــدون ئیســـماعیل، بەڕێوبـــەری ســـەنتەرەکە، وتـــی: ئەو نەخۆشـــانەی ســـەردانی ســـەنتەرەکەمان دەکـــەن دو جـــۆرن (نیرۆســـس و سایکۆســـس)، هـــەردو جۆریـــش بەجیاوازیـــەوە پێویستیان بە دەرمانە.

ئامـــاژەی بەوەشـــکرد: بە زۆری توشـــی گرفتـــی دەرمان بون، کـــە بۆ نەخۆشـــەکانی ئەمـــان چەندینجار کێشـــەکە گەورەترە، بەهـــۆی تایبتمەندیی حاڵەتەکانیان.

وتیشـــی: بە زۆری یەک جۆر دەرمان بەردەســـتە لەکۆی ســـێ جـــۆر کـــە پێویســـتە نەخـــۆش وەریبگرێـــت، بۆیـــە هەندێکجار جێگرەوەکەی دەنوســـین، هەندێکجاریش جێگرەوەی بۆ نابێت، بۆیـــە نەخـــۆش یەک رێـــگای هەیە ئەویش ئەوەیـــە لە دەرەوە دەرمـــان بکڕێت، کـــە ئەمـــەش بارگرانیەکـــی زۆرە، چونکە بە گشـــتی نرخی دەرمانی نەخۆشیە دەرونیەکان گرانە.

کێشـــەی دەرمان لە سەنتەری ددانیش دا هەیە.

د. ئەرکان مەحمود، بەڕێوبەری ســـەنتەرەکە، وتی: بەگشـــتی قەیرانی دەرمان هەیە، کاتێک وەک پزیشـــکێک نەخۆش دەبینم زیاتـــر دەرەکەوێت کە نەخۆشـــەکە دێتەوە و پێمان ئەڵێت ئەو دەرمانـــە نیـــە، بەهـــۆی ئەوەی ئەزانـــم دۆخیان خراپـــە ناچار دەرمانی جێگرەوەیان بۆ دەنوســـین.

وتیشـــی: جۆری دەرمانی بەکارهێنراو بۆ نەخۆشەکانمان زیاتر دژە هەوکردن و ئازارشکێنەکانن کە کەمبونەتەوە یان هەندێک جۆریان هەر نەماون.



### ٨. کێشەکە لەدابینکردنی دەرمانی نەخۆشانی درێژخایەن زەق ترە

زیاتــر لەهەر بەشــێک، دەرمانخانــەی نەخۆشــیە درێژخایەنەکان کاریگەر بون بەم کێشەی نەبونی دەرمانەوە.
بەوتــەی بەرپرســی بەشــی دەرمانــە درێژخایەنەکان لــە کۆگای دەرمانــی تەندروســتی گەرمیــان، ئێســتا ١٦٠ جــۆری دەرمانی درێژخایەن بەگشتی نەماون.
ئەحمــەد عەبدوڵڵا، باســی لــە کەمی ئەو پارەیە کــرد کە بۆ ئەم بەشە دانراوە و وتی: «ئەو برە پارەیەی بۆ گەرمیان دابین کراوە کــە ٢٠٥ ملیۆن دینارە، ١٢ هێندەی ئەو بودجەیە بەتەنها بەشــی دەرمانی درێژخایەن ناکات».
لێپرسراوی دەرمانخانەی راوێژکاری و درێژخایەن لە نەخۆشخانەی گشــتی کەلار، پێشــبینی خراپتربونی دۆخەکە دەکات و دەڵێت: ئەگەر کێشەکە بەمجۆرە بێت و هیچمان بۆ دابین نەکرێت، توشی کێشەی زیاتر دەبینەوە و دەسەڵاتیشمان نیە.

## «نەخۆشخانە ناحکومیەکان پەرەیان پێدەدرێت لەسەر حسابی نەخۆشخانە حکومیەکان»

### ٩. کێشەی کوالێتی دەرمانەکان

یەکێکــی دیکــە لــەو تێبینیانەی کــە هاوڵاتیان هەیانــە لەبارەی دەرمانی ناو نەخۆشخانەکان و وادەکات دڵسارد بن لە وەرگرتنی، وەکخۆیان دەیڵێن: خراپی کوالێتیانە.
ئەحمــەد ئیبراهیــم، ٢٠ ســاڵ، وتــی: خراپــی کوالێتــی دەرمان وایلێکردم ســەردانی نەخۆشــخانە نەکەمەوە، چونکە دەرمانێکیان پێدام، بەڵام سودی نەبو.
پزیشــکی پســپۆڕی گورچیلە و میــزەڕۆ لە بەشــی راوێژکاری لە نەخۆشخانەی گشتی کەلار، د. فەرهاد حەسەن، جەخت دەکاتەوە: پێویستە ئەو دەرمانانەی دەدرێتە نەخۆش کوالێتی باش بن.
وتیشی: بەشێکی زۆری دەرمانەکان سەرەتایین، ناچارین بۆ زیاتر لە ١٠ نەخۆش یەک جۆر دەرمان بنوســین، تەنانەت زۆر توشــی سەرسـوڕمان بوم کەجارێک جۆرە دەرمانێکم بینی کوالێتی باش بو و درابو بە نەخۆش، بەڵام دواتر بینینم کە تەنها نزیکەی مانگ و نیوێکی ماوە بۆ بەسەرچونی.
لەبەرامبــەردا بەڕێوبــەری گشــتی تەندروســتی گەرمیــان، بــاس لەوەدەکات لە روی کوالێتیەوە دەرمانەکانیان بێگرفتن.
د. ســیروان محەمەد، وتــی: کوالێتی دەرمانەکانمــان بێ گرفتن، ئــەوەی وتراوە ریکلامی ئەو پزیشــکانەیە کە عەقدی ناپاســاییان لەگــەڵ کۆمپانیاکانــی دەرمان دا هەیە بۆ ســاغبونەوەی دەرمانی خۆیان.
ئیبراهیــم بەرزنجی، نوێنەری نەخۆشــانی گورچیلــە لە گەرمیان، کــە دەرمانی نەخۆشــیەکەیان پێدەدرێت، باســی لــەوە کرد: ئەو دەرمانــەی وەک نەخۆشــانی چاندنــی گورچیلــە پێیــان دەدرێت کوالێتی باش نیە. وتی: کاتێک ئەوەمان بۆدەرکەوت کە سەردانی پزیشکمان کرد لە سلێمانی و بەنەخۆشەکانی دیکەش هەمان شت وتــراوە و ئــاگادار کراونەتــەوە لە کوالێتی ئــەو دەرمانەی پێمان دراوە.
د.محەمەد ئازاد، بەڕێوبەری کۆگای دەرمانی تەندروستی گەرمیان، دانی بەوەدا نا ئەو جۆرە دەرمانەی بۆ نەخۆشانی چاندنی گورچیلە دراوە، کوالێتیەکەی زۆر باش نەبوە.
وتی: بەهەمانشێوە ئێمەش لەلایەن پزیشکەوە ئاگادار کراوینەتەوە لــەو بابەتە، چونکــە هەمان کاریگەری جــۆرە براندەکەی نیە کە سویســریە، بەڵام ئەو دەرمانە خودی سەنتەرەکە لەسەر بودجەی تەندروستی گەرمیان کڕیویانە و کوالێتیەکەشی جۆرە هیندیەکەیە.
بــەڵام بەڕێوبەری ســەنتەری گورچیلەی دەســتکرد لــە گەرمیان، کاروان محەمــەد مەولــود، لەگەڵ ئەوەدا ئاماژە بــەوە دەکات کە رێکارە پزیشکیەکانی دەرمانەکە بێکێشەیە و رێگەپێدانی کوالێتی کۆنترۆڵی هەیە، ماوەی بەسەرچونیشی ٢ ساڵە.
دەشــڵێت: هیچ کات نوسراوێک یان ئاگادارکردنەوەیەکمان لەسەر ئەو بابەتە پێنەگەشتوە.

### ١٠. چالاکوانێک: کەرتی تەندروستی بەر هێرش کەوتوە

چالاکوانێکــی قــەزای کفری باس لەوەدەکات کەرتی تەندروســتی حکومــی بــەر هێــرش کەوتــوە و لەبەرامبــەر کەرتــی تایبەت دا پاشەکشەی پێکراوە.
محەمەد شەریف، باس لەوەدەکات: کەرتی تەندروستی بەر هێرش کەوتوە، ئەم کەرتە بۆ خزمەتگوزاریە، ئەگەر توانای ئەو خزمەتەی نەمێنێت کەواتە چی پێشکەش بەهاوڵاتی دەکرێت؟
وتیشــی: دەبینین نەخۆشــخانە ناحکومیەکان پەرەیان پێدەدرێت لەســەر حســابی نەخۆشــخانە حکومیــەکان، دەشــزانین کە ئەم نەخۆشــخانانە هی کێن؟! هی ئەو کەســانەن پێیەکیان لە حزبە و لە حکومەتیشدان.
چالاکوانێکــی دیکــە باس لــەوەدەکات هاوڵاتی باجــی ئەم دۆخە دەدات.
کامەران هەمەوەندی، نمونەی حاڵەتی نەخۆشــی باوکی هێنایەوە و وتــی: باوکم توشــی نەخۆشــی چاو بوە، جــۆرە دەرمانێکی بۆ دەنوســرێت هەرگیــز نەمتوانیوە لــە نەخۆشــخانەکان وەریبگرم، ناچارم ٧٠٠ دۆلار بدەم لە شوێنێکی دیکەوە بۆم دابین بکرێت.
وتیشی: بەڕاستی هاوڵاتی باجی بێ متمانەیی حکومەت دەدات.

# بەشی دووەم: دەرەنجام و راسپاردەکان

## یەکەم: دەرەنجام

- حکومەتی هەرێم ٦ ملیار دیناری تەرخانکردووە بۆ کڕینی دەرمان و پێداویستی پزیشکی، لەو رێژەیە مانگانە ٢٠٥ ملیۆن دیناری بۆ کڕینی دەرمان و پێداویستی پزیشکی و تاقیگەیی لە سنوری دەسەڵاتی بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان تەرخانکردووە، ئەم ٢٠٥ ملیۆنە بەشی زۆری بۆ کڕینی دەرمان تەرخانکراوە.
بەڵام بەوتەی خودی بریکاری وەزیری تەندروستی و بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، ئەم برە پارەیە کەمە و بگرە ناعەدالەتیشی تێدا کراوە و ئەو پارەیەی بۆ شوێنانی دیکە تەرخان دەکرێت، زیاترە وەک لە گەرمیان.

- لە پاڵ ئەو پارەیەی حکومەتی هەرێم، گوژمەیەک دەرمان لە وەزارەتی تەندروستی عێراقەوە بۆ پارێزگای سلێمانی دەنێردرێت کە لەو برە ١٣٪ی بۆ تەندروستی گەرمیان دەنێردرێت، ئەمەش چی برەکەی و چی جۆری دەرمانەکانیش، لەلایەن بەرپرسانی تەندروستی گەرمیانەوە تێبینی زۆری لەسەرە، بەشێوەیەک باس لەوەدەکەن کە نەگونجاوە و زۆربەیشی موغەزیە و دەرمانی کاریگەر نین.

- دەزگا تەندروستیەکانی سنوری گەرمیان روبەڕوی کێشەیەکی گەورەی نەبونی دەرمان بونەتەوە، بەشێوەیەک کە وەک بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان ئاماژەی پێدەکات، لە گەرمەی شەڕی داعش و سەرهەڵدانی قەیرانی داراییش، دۆخەکە بەمشێوەیە نەبوە. هۆکاری ئەمەش نەکڕینی هیچ بڕێکی دەرمانە لەلایەن تەندروستی گەرمیانەوە، بەکاریگەری خەرجنەکردنی هیچ برە پارەیەک لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆ ئەم بوارە کە لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی پارەوە تا سەرەتای مانگی ئایاری ٢٠٢٢ بەهۆی نەبونی فەرمانی خەرج کردن و هەروەها نەبونی پارەی نەختینە و جێبەجێ نەبونی تەندرەی کڕینی دەرمانەوە بەو هۆکارانە.

- ئەم دۆخە کاریگەریی راستەوخۆی کردوەتە سەر هاوڵاتیان، بەشێوەیەک کە زۆرینەی دەرمانە پزیشکیەکان کە لە ناوەندە تەندروستیەکان بۆیان دەنوسرێت، ناتوانن وەریبگرن و بەناچاری لە دەرەوە و لە دەرمانخانە ئەهلییەکان دەیکڕن.
ئەم رەوشە بەتایبەتی کاریگەریی زۆر زیاتری لەسەر ئەو کەسانە دروستکردوە کە بەدەست نەخۆشی درێژخایەنەوە دەناڵێنن و زۆرینەشیان کەسانی بەتەمەنن و بۆ بەردەوامیدان بە ژیان پێویستیان بەو دەرمانانە هەیە و لەبەرامبەریشدا داهاتیان سنوردارە بۆ ئەوەی لە بازاڕ دا بیکڕن.

- کەمبونەوەی دەرمان لە ناوەندە پزیشکیەکان، بەتایبەتی لە نەخۆشخانە و مەڵبەندە تەندروستیەکان ئەوانەی سەردانیکەریان زۆرە، زیاتر رەنگی داوەتەوە، لەنێویشی دا نەخۆشخانەی گشتی کەلار بەهۆی ئەوەی گەورەترین ناوەندی تەندروستی سنورەکەیە، زیاتر لە هەر کام لە نەخۆشخانەکان روبەڕوی کێشە بوەتەوە، بەدوای ئەودا نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار و دواتر نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب بۆ ژنان و مناڵبون و پاشان نەخۆشخانەی گشتی شەهید خالد گەرمیانی لە کفری.
کێشەکە لە مەڵبەندەکانیش دا زۆر زەقە بەتایبەت ئەوانەی سەردانیکەرانیان زۆرەم لە سەنتەرەکانیش دا بەهەمان شێوە.
لەبەرامبەردا هەندێک لە بنکە تەندروستیەکان کە سەردانیکەریان کەمە، کێشەیەکی ئەوتۆیان نییە.

- ئەم دۆخە وایکردوە جۆری دەرمانە بەردەستەکان زۆر سنوردار بن و تەنها ئەو دەرمانانە هەبن کە بەربڵاون، بەپێچەوانەوە هەندێک دەرمانی نەوعی هەن بونیان نامێنێت.
هەروەک کوالێتی و جۆری ئەو دەرمانانەیشی دەکڕدرێن، تێبینیان لەسەرە، چ لەلایەن هاوڵاتیان و تەنانەت پزیشکانیشەوە، بەشێوەیەک وایکردوە متمانەیان بەو چارەسەر و دەرمانانە لاواز بێت و وەرینەگرن.

- جگە لە دەرمان، دۆخی پێداویستییە پزیشکی و تاقیگەییەکانیش خراپن، بە رادەیەک لە هەندێک لەناوەندە پزیشکیەکان تەنانەت فلیم بەردەست نیە بۆ چاپکردنی تیشک، یان تیوب و پێداویستی پشکنینی تاقیگەیی بونی نیە.

## دوەم: راسپاردەکان

١. بە گوێرەی بەدواداچونەکانمان، ئەم کێشەیە هەمو ساڵێک دوبارە دەبێتەوە، بەوەی چەند مانگێک لە ساڵی نوێ تێدەپەڕێت و ئینجا ئەنجومەنی وەزیران رەزامەندی و دەسەڵاتی خەرجکردنی پارەی کڕینی دەرمان و پێداویستی پزیشکی دەدات بە وەزارەتی تەندروستی و لەوێشەوە بۆ بەڕێوبەرایەتیە گشتیەکان، بەڵام ئەمساڵ جیاواز لە ساڵانی تر دواکەوتوە.
ئەمەش رۆتینێکە کە دەگاتە ئاستی شەرمەزاریی، چونکە ناکرێت سێکتەرێکی وەکو تەندروستی کە پەیوەندی راستەوخۆی بە ژیانی خەڵکیەوە هەیە، بەمشێوە خەمساردانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بەڵکو پێویستە خەمی بخورێت و تەنانەت پێش کۆتایی هاتنی ساڵ یان بە ماوەیەکی کەم لە پاش هاتنی ساڵی نوێ، دەسەڵاتەکان شۆڕ بکرێتەوە.

٢. ئەم کێشەیە یەکێکی ترە لە دەرهاویشتەکانی بونی ئەو سیستەمە مەرکەزییە توند و بێگیانەی کە لە هەرێمی کوردستان دا بونی هەیە، بەشێوەیەک کۆی کایەکان لە بچوکترین ناوچەوە بۆ گەورەترین ناوچە، گرێدراوە بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە و دەسەڵاتەکان تەنها لەدەستی ئەو ئەنجومەنەدا کۆکراوەتەوە، بەبێ ئەوەی ئەنجومەنەکە بتوانێت وەڵامی خێرای داوخواستی هاوڵاتیان بداتەوە و رۆتین و بەهەدەردان و تەنانەت گەندەڵیش کەم بکاتەوە.
بۆیە پێویستە کار بکرێت بۆ کۆتاییهێنان بەم سیستەمە و بەرقەرارکردنی سیستەمێکی لامەرکەزیی، بەشێوەیەک کە مافی هەمو ناوچەکان وەکو یەکتر بدات و دەسەڵاتیش لە هەمو ئاستەکاندا بۆ ناوچەکان و هاوڵاتیەکانی شۆڕ بکاتەوە، بەشێوەیەک لەسەر بنەمای ئامار و روپێوی ورد و دروست، دەسەڵاتی دارایی بۆ کڕینی دەرمان و پێداویستی پزیشکی بدرێت بە خودی ناوەندە تەندروستیەکان.

٣. ئەو گوژمە پارەیەی حکومەتی هەرێم تەرخانی کردوە بۆ تەندروستی گەرمیان، بەوتەی بەرپرسانی تەندروستی گەرمیان کەمە و ناعەدالەتیەکی بەرچاوە، تەنانەت ئەگەر بە باشی دابەش بکرێت، بەتەنها بەشی دەرمانی نەخۆشیە درێژخایەنەکان ناکات.
بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێم پێداچونەوە بەم دابەشکردنەی گوژمە و پارەکان دا بکات، هەروەک رونیشی بکاتەوە بەشێوەیەکی شەفاف کە ئەم گوژمانە لەسەر چ بنەمایەک و چۆن دابەش کراون، ئەمەش لەپێناو چەسپاندنی پرنسیپی عەدالەت دا.

٤. دەبێت وەزارەتی تەندروستی عێراق و فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی، ئەو تێبینی و رەخنانە بەهەند وەربگرن کە روبەڕویان دەبێتەوە لە بەرکەوتەی گەرمیان لەو دەرمان و پێداویستیە پزیشکیانەی کە لەسەر بودجەی حکومەتی فیدراڵ دەنێردرێت، ئەمەش چ لە روی بڕی گوژمەکە و چ لە روی چۆنیەتی و جۆر و کوالێتی ئەو دەرمان و پێداویستیانەی کە دەنێردرێن، بەشێوەیەک رەچاوی عەدالەتی تێدا بکرێت.

٥. لەنێو تەندروستی گەرمیاندا بنەماکانی دابەشکردنی دەرمان و پێداویستیەکان رون و ورد و دیراسەکراو نین، هەستمان بەوەنەکرد تەندروستی گەرمیان هیچ هەڵسەنگاندن و پێوانەیەکی ناوخۆیی وردی بۆ ئەم مەبەستە ئامادە کردبێت و لەسەر ئەو بنەمایە دەرمان دابەش بکات، ئەمەش وادەکات زۆرجار دەرمانەکان روبەڕوی خراپبون یان دابەشنەکردنی بەشێوەی دروست و نەگەیشتنی بەدەستی کەسانی شایستە ببێتەوە.
بۆیە هانی تەندروستی گەرمیان دەدەین، کە سەرەتا روپێوییەکی ورد بکات و دواتر پێوانەیەکی رون دەستنیان بکات و لەسەر بنەمای ئەو پێوانەیە دەرمان و پێداویستیەکان دابەش بکات، بەمەش خۆی دوردەگرێت لە خراپ ئیدارەدان و بەهەدەردان.

٦. بەوپێیــەی ئــەم کێشــانە قابیلــی دوبارەبونەوەن، بۆیــە هانی تەندروســتی گەرمیــان دەدەین کە پێشــتر ئامادەکاری پێویســت بکەن، چ لە خەزنکردنی دەرمانی پێویســت، چ لە دابەشــکردنی کورتهێنانی دەرمانەکان بەســەر مانگەکان، نەک ئــەوەی کورتهێنانــەکان هەمویــان لە یــەک یان دو مانگــدا کورت ببنــەوە، کە ئەمەش زۆر بــە ناوەندە تەندروســتیەکان و هاوڵاتیانیشــەوە دیار دەبێت.

٧. پێشــنیاز دەکەیــن تەندروســتی گەرمیــان بایەخــی زیاتر بەو توێژانــە بدات کە زیاتر لــە هەر توێژێکی تر پێویســتیان بــە دەرمانــە، بەتایبەتیش لەمەیانــدا مەبەســتمان لەوە کەسانەیە کــە نەخۆشــی درێژخایەنیان هەیە، کەبەشــی زۆری ئەمانــە بەســاڵاچون و رەنگــە داهاتــی ئەوتۆیــان نەبێت بــۆ کڕینی دەرمان لە بــازاڕ و بێبەشکردنیشــیان لــە وەرگرتنی دەرمــان، زیاتــر لە هەر توێژێکــی تر، بەمانــەوە دیار بێت.

٨. هانــی تەندروســتی گەرمیــان دەدەیــن کــە بەدواداچــون بــۆ ئــەو تێبینــی و دەنگۆیانە بــکات کــە پەیوەندیان بە کوالێتــی دەرمانــەوە هەیــە، نەک ئــەوەی راســتەوخۆ و بەبێ بەدواداچــون رەدیان بکاتــەوە. چونکە چەندێــک گەیاندنی دەرمــان بە دەســتی نەخــۆش گرنگە، لــەوەش زیاتر بونی ئــەو دەرمانانــە بە کوالێتی بــاش، پێویســت و گرنگە.

لەبارەی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان)ـەوە

یەکەیەکــی رۆژنامەوانی و بەدواداچونی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشــتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیــان ئەنجــام دەدات بەمەبەســتی پــەرەدان بەکارەکانیان و هەروەهــا بــرەودان بە پرۆســەی چاودێرییکردن و شــەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەســەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

* ئامانجی یەکە
١. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.
٢. دروســتکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروســتکردنی فشــار بــۆ ئەنجامدانی پــرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.
٣. بەدواداچونکردن بۆ کێشــەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.
٤. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

* ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:
١. زریان محەمەد
٢. سروە کەریم

بۆ پەیوەندی
٠٧٧٠١٩٢٣٦٦٢ - ٠٧٧٤٠٨٧٨١٥٣
Radiodeng@yahoo.com
yakaychawderigarmyan@gmail.com
www.radiodeng.net